کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
25-9-2007 22:18 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## دکتۆر ئەرسەلان بایز مارکیسیەکی تاقانە و هەڵکەوتوو لە بنەماڵەی ئاغاکانی دزەیی ... باوکی شازاد

وەڵامێک بۆ بەڕێزیک بە ناوی (حەسەن کاریتانی) ڕیفۆرمخوازیکی دەشتی هەولێرلە سایتی کوردستان پۆستی بەریزەوە کە چەند تیبینیەکی لەسەر قسەکانی بەو دواییەی بەڕێز (ئەرسەلان بایز) کردبوی سەبارەت بە ریکخستن، لە گەل ریزمدا بۆ ئەو بەریزە ی کە دیارە وا خۆی ناساندوە کە خەڵکی گوندێکەدەکەوێتە نزیک ناحیەی دیبەگە کە شوینی لە دایک بونی ئەرسەلان بایزە و دیارە باش یەکتر دەناسن، وە باوک و باپیریان بەیەکەوە ژیاون واتە بەواتەی دەشتی هەولێر دیارە کرمانج و ئاغای شوێنێکن، بەهەر حاڵ من وەکوو کەسێکی هەولێری و دەشتی هەولێر کە ئاغاکانی دزەیی لێ نیشتە جێن وە بەباشی ئە و خانەوادەیە دەناسم لەوانەیە کاتی وا هەبوو دژایەتی یەکتریشمان کردوە وەکوو دوو بنەماڵەی خاوەن دوو ئایدۆلۆجیای سیاسی لە یەک جیا، لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەو برادەرە دیارە تۆزێک شتەکانی تێکەل کردوە لە نێوان سیاسەت و ڕق و قینەی خەڵکی دەشتی هەولێر بەرامبەر دەرەبەگ و ئاغاکان، کە لە کاتی خۆی زۆر زوڵمیان لێ دەکرا لەلایەن ئاغاکانی دزەیی دیارە قەدەری خەڵک واهاتوە بکەونە ژێر ئەو بارە گران و قورسە کە بە بۆ چونی جیلی دوای هاتنی کۆماری ئێراقی نوێ پاش شۆڕشی 14 گەلاوێژی 1958، بە چینی دەرەبەگ ناویان دەبردن کە پڕ بە پێستی بوو لە کاتی خۆی، بەڵام دوای شۆڕش ئەو ووشەیە باوی نەما لە کوردستان و ئێراق وەکوو دوو چینی زاڵم و زوڵم لێکراو لەسەر چوو جارێکی تر بەو شێوەیە کار نەکرایەوە، بەڵام شتی لەوە خراپتر دروست بوو لە کوردستان کە ئێستا دەیبینین دەبێ هەر بڵێین 100 خۆزگە بە کفن دزوو زەمانی پاشایەتی و دەرەبەگایەتی، گلەیی زۆرمان هەیە لە سەر ئەو ڕابوردوە تاڵ و ناخۆشە زۆر کەسیش لە کاتی خۆی دژایەتی ئەو سیستەمەی کردوەو بەڵام زۆر بە توندی وەڵام دراوەتەوە لە لایەن ڕژێمی مەلەکی ئێراق، خەڵکانێک هەبون شانازیان دەکرد بە خزمەتکاری ئاغاکان و هەتا ئیستاش نەوەکانیان وەفادارن بەرامبەریان و هاتوجۆیان دەکەن، دیارە کاک حەسەن تازە ڕقی هەڵساوەو هەستی جولاوەتەوە دەیەوێت تۆڵە ی کۆنی غەدری ئاغای دێ یەکەیان کە لە باوک و باپیرانی کراوە لە دکتۆر ئەرسەلانی بکاتەوە، باشە من تەنها یەک پرسیارم لەو بەڕێزە هەیە ئەویش ئەوەیە کە تۆ باش ئەرسەڵان بایز دەناسی ودەزانی هەر لە کاتی هەرزەکاری دا لە بنەماڵەکەی خۆی یاخی بوەو دژی سیستەمەکەی ئەوان هەڵگەڕاوەتەوەو کەوتۆتە شوێن عیشق و ئەوینی خۆی ئەویش خوێندنەوەی زۆر لەنوسینی مەزنەکانی دونیای بیرو باوەڕی کۆمونیستی وەکوو (لینین و مارکیس وماوتسی تۆنگ) بوو، کە ئەوانە هەر هەمووی دژ بە سیستەمی ئاغاو دەرەبەگایەتی و سەرمایە داری بوون!!!! بەڵام دیارە کەسێک کە تووشی هەر جۆرە ئەوینێک بوو کەس بۆی نیە پێشی لێ بگرێتەوە، ئەو کەسە وەکوو دومەڵێک واتە (قونێرێک) لە قەپرغەی ئەو بنەماڵەیە دەرچوو بوو لە بەر ئەوەی ببو بە هەڵگری بیرو باوەڕی (چەپ) کە شتێکی زۆر نامۆ بوو لە لایەن خزمەکانی و بوە جێی نارەحەتی زۆربەی هەرە زۆریان، ئاغاکانی دزەیی خەڵکانێکی دیارن لە هەولێر پێک هاتوون لە 4 بەرەباب (فارس، بایز، کاکەخان، پاشا) پاش ئەوەی کە ڕژێمی مەلەکی لە لایەن خوالێخۆشبوو (عەبدول کەریم قاسم) ڕوخێنرا کۆمۆنیستەکان فرسەتێکی باشیان وەر گرت کەوتنە گیانی ئاغاکان و دەرەبەگەکان و سەرۆکی عەشیرەتەکان هەر هەموویان گوندەکانیان جێ هیشت و بەرو شارەکان کۆچیان کرد لە هەموو ناوچەکانی ئێراق، کە لە ساڵی 1963 بەعسیەکان هاتنە سەر حوکم، ئەوانیش توانیان ئەو کەسانەی زەرەر مەند بووبون لە دەست کۆمونیستەکان بەرێگای جاشایەتی چەکداریان بکەنەوە بۆ دژایەتی کردنی شۆڕەشی ئەیلول کە تەمەنی لە دوو ساڵ زیاتر نەبوو، ئاغاکانی دزەییش ئەو فرسەتەیان قۆستەوەو دەستیان کرد بە جاش قەید کردن ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک کە زۆر داوای لێبوردن دەکەم ئەوە مێژوە دەبێ وەکوو خۆی بگێردرێتەوە بەبێ زیاد و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کەم یەکەم هۆ ئەوە بوو دەیان کەسانی وەک (خدری پاشاو مەعروف ئاغاو ئەحمەدی سابیر ئاغای گردعازەبانی) زۆری تر بۆ پاراستنی سەروەت و سامانەک یان و پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان چەکیان هەڵگرت هەرچەندە هێندەی نەمابوو ئەوانیش تووشی خراپە کاری ببن بەڵام باس بوو بە هۆش خۆیان هاتنەوەو خۆیان دورە پەرێز دەگرت بۆ ئەوەی وەکوو ئەوانی تریان بەسەر نەیەت، بەڵام هۆی دوەم کە زۆر زیانی گەیاند بە ناوو سومعەی ئاغاکانی دزەیی ئەوە بو کۆمەڵێکیان کە دەیان ویست هەردەم خەڵک لییان بترسێت و ئەگەر بتوانن جارێکی تر وەکوو باوک و باپیرەکانیان زوڵم لە خەڵکی هەژار بکەن‌وتۆڵەی ڕۆژانی هەرای شەعب لە خەڵک بکەنەوە بۆیە دەستیان کرد بە شەهید کردنی پێشمەرگەو خەڵکیان دەچەوساندەوە، ئەوانە ئیستاش ترسیان لە ناو دڵی خەڵکی شاری هەولێر جێ هێشتوە وەکوو (حەمەی سابیر، ڕەشید گۆسکە، حیکۆی سلێمان ئاغاو براکانی حەمەوماڵی هادیا غای پۆنگینە و برایم عەلۆ) و چەند کەسێکی تر، لە هەمان کات کۆمەڵێک خەڵکی تری ناوداریان هەبوو کە لەوانە خوالێخۆشبوو (ئەحمەد حمدئەمین) دوگرتکانی و زۆر لە ڕۆشنبیرەکانیان کە هەر لە کۆنەوە سەر بە پارتی دێموکراتی کوردستان بوون، بەڵام پاش چەندساڵێک کە پیاوە شەڕفرۆشەکانی ئەو بنامالەیە زۆربەیان گەیشتن بە سزای عادیلانەی خۆیان ئەوانی تریش وازیان هێناو کەوتنە شوین بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان کە ئەویش چاندنی زەویەکانیان کە بە هەزاران دۆنم زەویان لە دەست مابوو پاش قانونی ژمارە 90 ئیسلاعی زاراعی کە زۆر لە زەویەکانی کە ئەوان خۆیان بەخاوەنی دەزانی دابەش کرا بەسەر جوتیارەکان، بەڵام هێشتا ئەوان وەکوو خاوەنی زۆربەی زەویە بە پیت و بەرەکەتەکان لەدەشتی هەولێرو کەندیناوەو قەراج و زۆر شوینی تر بەشی شێر بۆ ئەوان جێ مابوو بۆیە پێگەی داراییان زۆر بەهێز بوو دەیانتوانی ساڵانە پاش هەڵگرتنی بەرو بومەکانیان گەورەترین پرۆژەو ساختمان دروست بکەن و دەستیان کردبوو بە کاسبی، پاش بەیانی 11 ئازاری 1970 توانیان هەموو لایەکیان لە گەڵ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە یەک نزیک ببنەوە و بەیەک چاو تەماشا بکرێن وخەڵک بیر لە ڕابوردوو نەکاتەوە ئەوەی چو چو لاپەڕەیەکی سپی کرایەوە، ئەو کاتە کەسانی وەکوو ئەڕسەلان بایز پەیدا بوون کە بە جیلی نوی ناسرابوون ڕۆژانی ئاغایەتیان لە یاد نەبوو، زۆر خوێن گەرم بوون خۆیان نزیک خستەوە لە کەسانی شۆڕشگێر و خەڵکی تریش زۆر لەو بنەماڵەیە بەشداری شۆڕشی نوێی گەلەکامانیان کرد لەوانە شەهیدی قارەمان مولازم (خولە) بو کە جێگری لێپرسراوی هەرێمی خۆشناوەتی بوو وە شەهیدی پەڕلەمانتار کاک (عوسمان سەر سوریش) کادیرێکی کۆنی یەکێتی بوو لەو بنەماڵە بەڕێزە بوو، زۆر کەسی تریشیان هەیە کە ئیستاش هەر ماون پێویست ناکات ناوی زیندوەکان بێنین، بە هەر حاڵ هەرهەموو ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی بەغدا گرنگیان بە دزەییەکان دەدا و هەروەها سەرکردایەتی شۆڕەشی ئەیلول و گوڵان و شۆڕشی نویی گەلەکەشمان ئەوانەیان فەرامۆش نەکردوە هەردەم جێگای تایبەتیان هەبوە لای خوالێخۆشبوو (مەلا مستەفاو بەڕێز کاک مەسعود) و (هەڤاڵ مام جەلال یش) توانیویانە خۆیان دابەش بکەن بەسەر هەموو لایەنەکان تەنها لە ڕیزی حیزبی شیوعی نەبێت، بەڵام ئەوەی کاک ئەڕسەلان زۆر جیایە ئەو کەسە توانیویەتی بە لێهاتویی خۆی بەبێ تەدەخولی بنەماڵەکەی خۆی دروست کردوەو کەس ڕۆژێک لە ڕۆژان ناتوانێت بڵێ ئەگەر ئەڕسەلان ئاغایەکی دزەیی نەبوایە نەدەگەیشت بەو پلەو پایە بۆیە من بە کاک حەسەن کاریتانی دەڵێم بە ڕای من ناوی ئەو کەسە مەلکێنە بە ووشەی ئاغا باشترە ئەوساکە خەڵک باوەر بە قسەکانت دەکات، بەداخەوە کاک حەسەنی کاریتانی لە نوسینەکانی زۆر جەخت لە سەر ووشەی ئاغا دەکاتەوە، بەڵام ئەوەی من بیزانم ڕۆژیک لە ڕۆژان ووشەی ئاغا مایەی شەرمەزاری و عەیب نەبووە هەتا لە ڕۆژانی کەوتنی ئاغاکانیش هەر خەڵک ڕیزی لێ گرتون!! جا نازانم بەهۆی دەوڵەمەندیان بووە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

یان هۆکاری تر هەبووە کە خەڵک وا ڕێزی لێ گرتوون، ئەوانیش هەلبەتە کەسی زۆر باش و زۆر خراپیان تیایە خۆ هەر هەموویان فریشتە نین، بەڵام من بە شێوەیەکی گشتی باسی بابەتەکە دەکەم، بە پێچەوانەوە ئەو بنەماڵەیە زۆر فەخر بە ئاغایەتی خۆیان دەکەن، ئەگەر بە شیوە کۆمەڵایەتیەکەی تەماشا بکەین خۆ ئەڕسەلانیش دەبێ فەخریان پێوە بکات لەبەر ئەوەی خوێنی ئەوانی لە ناو دەمارەکانی دەجولێتەوە بەڵام وەکوو بنەماڵە نەوەک وەک سیستمی ئاغایەتی، من ئەڕسەلان بایز بناسم بەم شیوە دەربڕینانە قەت هەڵناچێت، بەڵام من وەکو چاودیرێکی بێلایەن و ڕاست گۆ لە قسەکانم بە شتیکی جوانی نازانم کە جەنابت بە قسەکانتەوە دیارە نەیارێکی سیاسی ئەو کەسەی باشتر وایە بە زمانی سیاسەت بدوییت، هەموو کەسیکیش دەزانیت دەربڕینی ئەو ووشەیەت لە ڕێزو خۆسەویستی نیە (فیتەی حەرام زادەش) بۆ خۆی هاوار دەکات و دیارە، لە تۆ وابێت زەمانی جارانەو ئەڕسەلانی کوڕی مام بایز ئاغا بە خۆیی و چەندمەسینە هەڵگرێک و خزمتکارێک هاتبێت زوڵمیکی گەورەی لیتان کردبێت تاکو بەم شیوەیە باسی بکەیت، ئەڕسەلان ڕۆڵەیەکی گەلەکەمانەو خاوەنی خەباتی خۆیەتی لە شاخ و لە شار و لە بەندیخانە ڕۆژێک نەمان دیوە بە ئاغایەتی خۆی بنازێت، لە بەر ئەوەی پێویستی پی نەبوە خۆی بەو شتە پڕوپوچانە خەریک بکات، لەناو یەکێتی بەتایبەتیش لە ناو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان باوی ئەوە نەبوو کە بە بنەماڵەو شتی وا خۆت دیار بخەیت و پیایاندا هەڵبدەیت، ئەگەر کوڕی هەر کەسێ بایتایەو هەرچەندە دیارو خانەدان بوایتە دەبوایە لە دورو نزیک باسی ئەو شتە نەکەیت لە خەڵک بیشاریتەوە لەبەر ئەوەی زۆر بقەبوو، کەچی کاک ئەڕسەلان توانی لەناو ئەورێکخراوە مارکیسیە توند ڕەوە خۆی پێ بگەیەنێت ئەگەر بایی یەک تۆسقالیش هەست بکرایە کە ئەو پیاوە ڕۆحی ئاغایەتی هەیەو تیای ماوە نەیدەتوانی بگات بە پلەی ئەندام مەلبەندێکیش، بۆیە من بە باشی دەزانم کاک حەسەن واز لەم ووشەی ئاغایە بێنیت تاکوو خەڵک بابەتەکەت بخوێنێتەوە هەر هیچ نەبێت هاو بیرەکانی خۆت لە گەڵت یەک ڕا بن بەرامبەر تێبینیەکانت لەسەر ئەو شەخسە، دیارە دەتانەویت وەکوو مەسەلەی بادینیەکانی لی بکەن، زۆر ئەندامی دڵسۆزی یەکێتی هەنەو خەڵکی ناوچەی بادینانن، بەڵام لە کۆڕو کۆبونەوەکان کە قسە دەکەن خەڵک بە چاوێکی سەیر تەماشایان دەکەن، هەروەکوو هەست بە شتیکی لەنگ بکەن چۆن دەبێ بادینیەک ئەندامی یەکێتی بیت، بۆیە زۆر لەو برادەرە بادینیانە گلەیی دەکەن کە بۆ دەبێت خەڵکی بادینان هە ر سەر بە لایەنیکی دیاری کراو بن، باشە ئەوانیش وەکو هەر کەسێکی تر خاوەنی بیرو بۆچونی تایبەتی خۆیانن وبۆچونی خۆیان هەیە یەکێتی لەسەر دەستی چەند کەسێکی خەڵکی بادینان دەستی بەخەباتی چەکداری کردوە کە زۆربەیان خەلکی ناوچەی زاخۆ بوون، دیارە کاک ئەڕسەلانیش هەر لەسەرەتای ژیانیدا خاوەنی بیرو بۆچونی تایبەتی خۆی بوەو گویی نەداوە بەو شکلیاتانەی کە دەبنە هۆی دواکەوتنی کۆمەڵی کوردەواری بۆیە دەبی شتێکی زۆر سروشتی بێت لە لامان، لە لایەکی تر باسی واز هێنانی کاک ئەرسەلانت کردبوو لە خێزانە بەڕیزەکەی کە لە بنەماڵەی حەفیدەکانی سلەیمانی بووەو منالّیان لە یەکتر هەیەو موشکلەیەکی وایان نەبوە کە باسکردنی جێگەی شەرمەزاری بێت بۆ هیچ لایەکیان، زۆر ڕاستە منیش گلەییم لەولێپرسراوو کەسانە هەیە کەپاش ڕاپەڕین ژنەکانیان تەڵاق داو ژنی تریان هێنا، بەڵام مەرج نیە گلەیی لە هەمویان بکەین ئەوەی من بیزانم هەر لە سەرەتاوە کاک ئەرسەلان لەگەڵ خێزانی یەکەمی نەدەگونجان لە زۆر شت بۆچونیان جیا بوو، بۆ بەرژەوەندی هەردوکیان باشتر بوو کە دەستیان لە یەک کردەوە، لەبەر ئەوەی ناخۆشترین شت لە ژیان ئەوەیە کە ژن و مێرد لەگەڵ یەکتر ناتفاق بن و لەیەکتر تی نەگەن، کاک حەسەن بەنەسبەت ئەو ڕقەزۆرەی کە لەو کەسە هەتە تەماننای ئەوە دەکەیت هەرچەندی زووە کۆنگرەی یەکیتی ببەسترێت و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کاک ئەڕسەلان لە پۆستەکەی لابدریت باشە بۆ؟ ئەوەی من دەیبینم توانیویەتی شوێنی خۆی پڕ بکاتەوەو خەڵکی هەولیرەو ڕێزی خەڵک دەگریت، کە لەگەڵت دادەنیشێت هەست دەکەیت کە خەڵکی هەولیریش توانیویانە خۆیان پێبگەیەنن لە ڕوی سیاسیەوە، هەرنەبێت یەکتر دەناسین و ئەگەر بە سودفەش ڕێمان بکەوێتە بارەگاکەی حیسابیکمان بۆ دەکرێت هەر چەندە من لە سولەیمانی بارەگاکەی ئەوبەڕێزەم نەدیوە، بەڵام ئەوەی گوی بیستی دەبم لە دۆست و بردەران دەبی شانازی بە کوڕی شارەکەت بکەیت ئەگەر بە هەقی خۆی بگات بەو پلەو پایە حیزبیە، پێویستە ئێمە گەورەتریان بکەین و ڕیزیان لێ بگرین نەوەک بێین تەشهیریان پێ بکەین و ناوو ناتۆرەیان بۆ بدۆزینەوە، لەگەڵ ئەوەشدا من ناڵێم کاک ئەڕسەلان بێ هەڵەیەو لێپرسراوێکی عەیاری 24ە لەبەر ئەوەی کەس نیە بی هەڵەبێت بەڵام با هەڵەکانی بۆ ڕاست بکەینەوە بەڵکو ئەو هەستی پێ ناکات خۆی بەڕاست دەزانێت با دوور لە حیقدی شەخسی و کوتلەو کوتلەکاری شتەکان باس بکەین، من خەڵکی وەکوو جەنابت ڕیفۆرم خواز دەناسم خەڵکی هەولێریش بوو کوڕە جوتیارێک بوو کاتێ کە پلەو پایەی لە ناو حکومەتی کوردستان وەر گرت ڕۆژ نەبوو ئیهانەی چەند پێشمەرگەی دیرین و کەسوکاری شەهیدان و کوڕە هەژار نەکات و نەیانخاتە بەندیخانە بە بیانوی بێ مانا دور لە هەموو بنەمایەک هەڵس وکەوتی دەکرد بێ ئەوەی گوێ بدات بەهیج کەسێک، کەی ڕۆژیک لە ڕۆژان بیستومانە کاک ئەڕسەلان شتێکی لەو بابەتەی کردبێت کە ببێتە جێی نیگەرانی خەڵک، من زۆر ئومێدەوارم کە خەڵکانی وەکوو کاک (کۆسرەت و کاک ئەڕسەلان) هەر پایە بەرز بن بەرەو پێش بچن من قەت باوەڕم بە کوتلەو کوتلەبازی نیەو یەکیتیانە بیر دەکەمەوە، هیواداریشم کاک حەسەن کاریتانی باش لە قسەکانم گەیشتبێت، وە لە نوسینەکانیشی زاراوەی هەولێری بەکار هێناوە لە گەڵ ڕێزم بۆ کاک حەسەن نەبوە بە عادەت لە نوسینەکانمان بە شێوەی زاراوە یی لۆکاڵی شت بنوسین نوسینی سۆرانی شێوەی تایبەتی خۆی و ڕێزمانێکی یەک گرتوی هەیە لە گەڵ ئاخافتن زۆر جیایە نەمدیوە ڕۆژێک کەسێکی شاری سولەیمانی یان کەرکوکی لە نوسینەکانیدا زاراوەی شارەکەی بەکار بهێنێت بەڵام لە ئاخافتن و نواندن و کارە هونەریەکان و کۆڕو کۆبونەوەکاندا هەر کەس ئازادە چۆن قسە بکات، لە گەڵ ئەو پەڕی ڕێزم بۆ زاراوە خۆشەویستەکەم کە زاراوەی هەولێریە،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.